وەزارەتی پەروەردە: بەیاری کەمکردنەوەی دەوامی فەرمی لە مانگی ڕەمەزان قوتابخانەکان ناگرێتەوە



وەزارەتی پەروەردەی عێراق دووپاتی، بەیاری کەمکردنەوەی دەوامی فەرمی بۆ دامودەزگاکان لە مانگی ڕەمەزانی پەیوەندی بە قوتابخانەکان ناگرێتەوە.

ئەمە هەینی ١٣ی شوباتی ٢٠٢٦، کەریم سەید، وتەبێژی وەزارەتی پەروەردەی عێراق، لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، بەیاری کەمکردنەوەی دەوامی فەرمی بۆ دامودەزگاکان لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا قوتابخانەکان ناگرێتەوە، کاتژمێرەکانی خوێندن بەپێی خشتە پەسەندکراوەکان بەردەوام دەبێت بەبێ گۆڕانکاری لە مانگی ڕەمەزاندا، بەمەبەستی دڵنیابوون لە تەواوکردنی پڕۆگرامی خوێندن بەپێی پلانەکانی پەروەردە.

ئەمە لە کاتێکدایە، ئێنجومەنی وەزیرانی عێراق ڕێنمایین دەرکرد بۆ کەمکردنەوەی یەک کاتژمێر دەوامی فەرمانبەران لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزان.